# لاپـــەڕەی ســـــپی

**ئالان تۆرین**

**وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە : عەدالەت عەبدوڵڵا**



بەهێزترین وێناکردنی ڕۆژئاوایی بۆ مۆدێرنە کە قووڵترین شوێنەواری هەبوو، جەختی لەوە کردۆتەوە کە ، عەقڵانیکردن ، داڕمانی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و سۆزداری و داب و نەریت و بیروباوەڕانە دەسەپێنێت کە بە سوونەتی ناو دەبرێن ، جەختی لەوەش کردۆتەوە کە هۆکاری مۆدێرنیزەکردنیش گروپێك یان چینێکی کۆمەڵایەتیی تایبەت نییە ، بەڵکو خودی عەقڵ خۆی و ئەو پێویستییە مێژوویییەیە کە ڕێگە بۆ سەرکەوتنی خۆشدەکات .

ئەبەم جۆرەش ، عەقڵانیکردن ، کە بۆخۆی پێکهێنەرێکە و بۆ مۆدێرنە هەر دەبێ هەبێت ، سەرباری ئەو داڕمانەی کە دەیسەپێنێت ، دەبێتە میکانیزمێکی ڕاگوزەر و پێویستییەکیش بۆ مۆدێرنیزەکردن . بیرۆکەی مۆدێرنەی ڕۆژئاوا-ش بە وێناکردنێك بۆ مۆدێرنە تێکەڵ دەبێت کە گەشەکردنی بە شێوەیەکی پەتی لە ناوەوەیە . مۆدێرنیزەکردنیش کارێکی ستەمکارانەی ڕۆشنگەر نییە، ئیشی شۆڕشێکی میللی یان ویستی گروپێکی سەرکردایەتیکەر نییە، بەڵکو مۆدێرنیزەکردن کاری عەقڵ خۆیەتی ، واتە بە تایبەت کاری زانست و تەکنەلۆژیا و پەروەردەیە . پێویست-یش ناکات سیاسەتە کۆمەڵایەتییەکانی مۆدێرنیزەکردن ئامانجێکی تریان هەبێت جگە لە پاککردنەوەی ڕێگەی عەقڵ، ئەمەش بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخستن و بەبەستە پیشەیی و سەندیکایییەکان و لەمپەرە گومرکییەکانەوەو، بەهۆی خولقاندنی ئاسایش و بواری پێشبینی کردنی ئەوەیشەوە کە خاوەنی پرۆژەکە پێویستیی پێیەتی و، بەهۆی خەڵکانێکی کارگێڕی و ئەو بەڕێوەبەرانەی ئامێرەکان-یشەوە کە خاوەنی توانا و ویژدانی زیندوون . وا دیارە ئەم بیرۆکەیە بیرۆکەیەکی موبتەزل بێت کە خۆی وانییە ، چونکە زۆرینەی وڵاتانی جیهان بە مۆدێرنیزەکردنگەلێکی زۆر جیاواز جیاوازدا ڕۆیشتوون کە تیایاندا ویستی سەربەخۆیی نیشتمانی و ململانێ ئاینی و کۆمەڵایەتییەکان و قەناعەتە تازەکانی دەستەبژێرە سەرکردایەتیکەرەکان ، واتە بکەرە کۆمەڵایەتییەکان ، ڕۆڵێکی گرنگتریان گێڕا لە خودی ئەو عەقڵانیکردنەی کە بەرەنگاریی داب و نەریتەکان و بەرژەوەندییە تایبەتییەکان، پەکیان خستبوو .. ئەم بیرۆکەیەی کۆمەڵگای مۆدێرن ، تەنانەت لەگەڵ ئەزموونی واقعی مێژووییی وڵاتە ئەوروپییەکانیشدا ناگونجێت ، چونکە بزووتنەوە ئاینییەکان و سەروەریی پادشاو بەرگریکردن لە خێزان و گیانی فەتحکردن و باجسەندنی دارایی و ڕەخنەی کۆمەڵایەتی، ڕۆڵێکی ئەوتۆیان گێڕا کە لە بایەخدا یەکسانە بە پێشکەوتنی تەکنیکی و بڵاوکردنەوەی زانینەکان ، بەڵام ئەم بیرۆکەیە نموونەیەکی مۆدێرنیزەکردنی پێك هێنا کە ، لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە ، دەرئەنجامە تیۆری و پراکتیکییەکانی ، مەزن بوون .کەوابێ، ڕۆژئاوا لەگەڵ مۆدێرنەدا ژیاوە و وا بیری لێکردۆتەوە وەك ئەوەی شۆڕشێکە . عەقڵ ، بە پێچەوانەوە، دان بەوەدا نانێت کە بە دەست هاتووە ، بەڵکو ئەو لەو بیر و باوەڕ و فۆرمانەی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەدات کە لەسەر سەلماندنی زانستییانە دانامەزرێن ، " ئالان بلوم "یش باسی لەوە کردووەو دەڵێ :}} ئەوەی کە فەلسەفەی رۆشنگەری لەوانەی پێشووتر جیادەکاتەوە ، ئەو نیازەیەتی کە لە ناو هەموو خەڵکدا ئەو شتە بڵاوبکاتەوە کە بۆ تەنها هەندێك خەڵك قۆرخ کرابوو، واتە بڵاوکردنەوەی ژیانێك کە بە گوێرەی عەقڵ بژێنرێت . ئەوە " ئایدیالیزم" و " گەشبینیخوازی"یش نەبوون هاندەری ئەو بیرمەندانە بن لە پرۆژەکەیاندا، بەڵکو زانستی نوێ و ئەو (میتۆد)ە بوو کە بە زانستێکی سیاسیی نوێ-وە پەیوەست کرا{{ . سەدە بۆ سەدە-ش مۆدێرنیستەکان بە دوای (نموونە)یەکی سروشتیدا دەگەڕان بۆ زانینی زانستی ، زانینی کۆمەڵگا و کەسایەتی ، ئیدی ئەو نموونەیە میکانیکگەرایانە بێت یان ئۆرگانیکگەرایانە یان سیبرنیتیکییانە ، یاخود ئەو زانینە، لەسەر تیۆرێکی گشتی بۆ سیستمەکان ، دامەزرابێت .

ئەو هەوڵ و کۆششانە-ش هەمیشە پشتیان بەم قەناعەتە دەبەست : ئەگەر گورزمان لە ڕابردوو وەشاند، ئەوە بوونەوەرە مرۆییەکان لە نابەرامبەرییە بە میراتبووەکان و لە مەترسییەکانی ناعەقڵانییەت و لە نەزانین ، ڕزگار دەکەین .

ئایدیۆلۆژیای ڕۆژئاوایی بۆ مۆدێرنە کە دەتوانین ناوی لێ بنێین مۆدێرنخوازی/ مۆدێرنگەرایی ، هەر بە هەمان ئەو ڕێگەیەی کە پێی چۆتە شوێنی تێڕامانەکان لە ناوەوەی توێژاڵ توێژاڵکردنی تەرمەکان یان لێکۆڵینەوە لە خاڵەکانی پێکدادانی تووڕەیی لە مێشکدا ، چۆتە شوێنی بیرۆکەی خود و بیرۆکەی خودا-ش کە پەیوەست بوو پێوەی . مۆدێرنیستەکان دەڵێن : نە کۆمەڵگا و نە مێژوو و نە ژیانی تاك ناچنە ژێر باریخواستی بوونەوەرێکی باڵاوە کە دەبێ ملی بۆ کەچ بکرێت یان بتوانرێت بە ئەفسون کاری تێبکرێت

. تاك ناچێتە ژێر باری شتێکی ترەوە تەنها یاسا سروشتی‌یەکان نەبێت . جان جاك ڕۆسۆ-یش پەیوەندیی بەم فەلسەفەیەی ڕۆشنگەری‌یەوە هەیە ، چونکە هەموو کارەکانی ، هەروەك " جان ستاروبنسکی" شییان دەکاتەوە،گەڕانیان تێدایە بە دوای شەفافییەت و خەباتکردن لە دژی ئەو لەمپەرانەی کە زانین و بەیەکگەیشتن-یان، تاریك کرد . گیان ( روح )یش هەر خۆی ژیانی بەبەر کارەکەیدا دەکرد : کاری ئەو وەك بایەخدەرێك بە سروشت و، بەبەر داهێنانەکان-یشی وەك زانایەکی مۆسیقا و، بەبەر ڕەخنەگرتن-یشی لە کۆمەڵگا و، بەبەر میتۆدە پەروەردەیی‌یەکەیشی ..


جان جاك روسو

بیری ڕۆشنگەری دەیەوێت نەك هەر زوڵم و زۆر، بەڵکو دەستە میانگیرەکانیش بڕوخێنێت، ڕێك وەك ئەوەی کە شۆڕشی فەرەنسی ئەنجامی دا . لەگەڵ ئەو شۆڕشەدا، لەسەر کۆمەڵگا پێویست بوو، وەك بیرکردنەوەی زانستی، تەنك و دیاربێت ، ئەمەش بیرۆکەیەکە زۆر بە ئامادەبوویی، لە بیری فەرەنسیدا، دەربارەی کۆمار و، ئەو قەناعەتکردنەش، مایەوە، کە پێی وایە دەبێ کۆمار ، پێش هەر شتێك ، هەڵگری ئایدیالگەلێکی باڵاو گشتی و سەراپاگیر بێت : ئازادی و یەکسانی و برایەتی .

ئەم قەناعەتکردنەش بۆ خۆی دەرگا بۆ لیبراڵیزمێك و هەروەها بۆ دەسەڵاتێکیش دەکاتەوەکە دەشێت دەسەڵاتێکی ڕەها بێت ، چونکە دەشێت دەسەڵاتێکی عەقڵانی و هاوبەش بێت لەنێوان کۆمەڵێك خەڵکدا . دەسەڵاتێکیشە " پەیمانی کۆمەڵایەتی" مۆژدەی بۆ داوە ، هەر ئەو دەسەڵاتەیشە کە یەعقوبی‌یەکان هەوڵ دەدەن دایبمەزرێنن ، هەروەها دەسەڵاتێکیشە دەبێتە ئامانجی هەموو ئەو شۆڕشگێڕانەی کە دەسەڵاتێکی ڕەهایان دامەزراند، چونکە ئەم دەسەڵاتە دەسەڵاتێکی زانستی‌یەو، ئیش بۆ پاراستنی شەفافییەتی‌کۆمەڵگا دەکات لە زۆرە ملێ و وابەستەیی و بیرکردنەوەی دواکەوتنخوازانە .

ئەوەی سەبارەت بە کۆمەڵگا ڕاست بێت ، بۆ تاکیش ڕاستە، پێویستە پەروەردەکردنی تاك-یش وانەیەك بێت بۆ ڕزگارکردنی لەو تێڕوانینە تەسك و ناعەقڵانییانەی کە خێزانەکەی یان حەزەکانی بەسەریدا دەیسەپێنن . وانەیەك-یش بێت وای لێبکات بکرێتەوە بە ڕووی زانینی عەقڵانی و بەشداریکردن لە کۆمەڵگایەکدا کە ئیشکردنی عەقڵ ڕێك بخات . پێویستیشە قوتابخانە شوێنی دابڕان بێت لەگەڵ ئەو ژینگەیەی لێوەی سەری دەرهێناوە ، شوێنی کرانەوەش بێت بەسەر پێشکەوتندا بەهۆی زانین و لە هەمان کاتدا بە هۆی بەشداری کردن لە کۆمەڵگایەکی دامەزرێنراو لەسەر پرەنسیپەکانی عەقڵانییەت . لەم ڕووەوە ، مامۆستا بەخێوکەرێك نییە دەست وەربداتە ژیانی تایبەتیی ئەو منداڵانەوە کە خۆی پێویستە شتێکی تر نەبن جگە لە خوێندکار ، بەڵکو مامۆستا میانگیرێکە لە نێوان ئەوان و بەها سەراپاگیرەکانی ڕاستی و بەهاکانی چاکە و جوانیدا . پێویستە قوتابخانە بخرێتە شوێنی خاوەن ئیمتیازەکانیش ، ئەوانەی میراتگری ڕابردوویەکی ناشیرینن ، دەستەبژێرێك لە میانەی ئەزموونەکانی تاقی کردنەوەی بابەتیدا ، پاکژ بکرێنەوە .

سەرچاوە : ئالان تۆرین ، کتێبی ( نقد الحداثە ، الحداثە المقفرە – الفصل الاول :أنوار العقل – الصفحە البیچاو – ص١٧ الی ١٩ )..

* مەبەست لە "لاپەڕە سپی" ئەوەیە ئەوەی پێشتر هەبووە ناهەق بووە یان ڕەت کراوەتەوە ( وەرگێڕی عەرەبی ) ..